**شه ڕی خاڵۆقوربان له یادداشته کانی میرزاکه ریم بارام به گیدا**

خاڵۆ قوربان کوردێکی هەرسینی بوو لەگەڵ خاڵۆ مرادی هاورێی دا لە شۆڕشی جەنگە ڵیە کان بە سەرۆکایەتی میرزاکوچک خانی جه نگەڵی بەشداریان کرد. بەڵام بە هۆی دووبە رەکیی ناوخۆی ئەو شۆڕشەوە بە هۆی دەستەیەکی خۆ فرۆشی ناوخۆیان شۆڕشه کە تێک چوو و میرزا کوچک خان لە کوێستانەکانی ئاستارا کوژرا.خاڵۆ قوربانی هەرسینی گە یشتە سەر تەرمی بێ گیانی و سەری ئەو سەردارەی بڕی و بردی بۆ رەزاخان کە لەو کاتەدا هێشتا وەزیری جەنگ بوو و نە ببوو بە رەزاشا. ئەویش لە پاداشتی ئەو خە یانە تەدا روتبە و دەرەجەی سەرهەنگی و لەقەبی سالارزەفەری پێدا و پاش ماوەیەک بە سەرکردایەتی پتر لە چوارهەزار سەرباز و گروبان و ئەفسە ر، خاڵۆ قوربان پێی سپێردرا کە شەڕ لەگەڵ سمکۆدا بکا و بەرەو مهاباد کەوتە رێ هە تا سەری سمکۆش وەکوو سەری میرزاکوچک خان بە دیاری ببا بۆ رەزاخان و لێهاتوویی خۆشی بسە لمێنێ . ساتێک هەواڵی ئەو هێرشەی خاڵۆ قوربان گە یشت ، عەلیاغای ئەمیرئەسعەد لە بۆکانەوە هەواڵی نارد بۆ هە موو عەشایری دێبوکری و وردە مالیکە کانی ناوچەکە کە هەموویان خۆیان ئامادە بکەن و لە بۆکانەوە بەرەو ئیندرقاش بکەونە رێ . لە ولاشەوە عەشایر و خێڵاتی مامەش و مەنگوڕ و پیران و زەرزا ودێبوکری بە دەستووری سمکۆ و سەید تەها بەڕێ کەوتن. منی هەژاریش (میرزاکەریمی بارام بەگی) لەگەڵ ئاغایانی نیسکاوا و قادراوا بەرەو ئوردووی عەلیاغای ئەمیرئە سعە دی ئێلخانی زادە حەرەکەتمان کرد کە هاوکات بوو دەگەڵ هەوەڵ رۆژی مانگی گوڵانی1301ی ە،ش . ساتێک ئێمە گە یشتین بیستمان خاڵۆ قوربان کوژرابوو. لەوشەڕەدا سوپای چوارهەزارکەسیی ئیران تارومارببوون و کوشتنی خاڵۆ قوربان رێکەوتی 2.2.1301بوو. لە ئیندرقاشی هە شت کیلومیتری مهاباد روویدا . ئەگەرچی لەو شەڕەدا هێزەکانی سە ید تەها ئەفە ندی لە هە شت سەد سوارەی کورد زیاتر نەبوون بەرامبەر بەو چوارهەزارەی ئێران و لاشەی خاڵۆ قوربانیان بردە ناو شاری مهاباد و بوو بە بازیچەی دەستی منداڵان.

سەرگورد جهانبانی جێگری خاڵۆقوربانی و پاشماوەی هێزەکەی خاڵۆقوربانی رایان کرد و هەموو تۆپخانە و قۆرخانە و ئازووقە ی جە نگی کەوتە دەست جەنگاوەرەکانی کوردستان.

شەوی 3.2.1301 فەرمانی ئەمیرئە سعەد بۆ حەرەکەت دەرچوو کە بەرەو بۆکان بچن . لە بۆکان دا کولونێلی ئەرتەشی ئێران لەگەڵ هەشت سەد نەفەر نیزامی دا لە نزیک کێوی ناڵەشکێنەی بۆکان دامەزرێنرابوون بۆ پشتیوانی کردن لە هێزەکەی خاڵۆقوربان وبریار وابوو کە خاڵۆ قوربان لەوسەری جە بهە وە خەریکی شەڕ و پێشرەوی بێ ، کولونێلیش بە هیزی خۆیەوە جەبهە یەکی تازە بکاتەوە و بە هەردوولایان سوپای کوردستان لە چەند لایەکەوە دەستگیر بکەن. هەڵبەت زۆربەی عەشایری ناوچە کەش وەکوو گوڵە بەڕۆژە وابوون و سەرنجی خۆریان ئە دا ئەگەر دەوڵەت سەربکەوتایە دەستەی حکوومە ت ئەبوون و ئەگەر سمکۆ پێرۆز بوایە لایەنگری ئەو دەبوون. سوپای ئەمیرئە سعەدی ئێلخانی زادە کە منیشی لەگەڵدا بووم بە ئەندامەتی ئاغایانی دێبوکری و ئاغایانی ناوچەکە هەموویان چە کدار بوون و تەنها مەترەلیوزێکیان پێ بوو کە لە بەرزاییەکانی میراوای بەرامبەر بۆکان دامەزران و ئاغایان کەوتنە راوێژ کردن دەربارەی ئەوەی چی بکەن و چۆن بجووڵێنەوە .

لەو کاتەدا عەلی خا نی سەرداری بۆکان هات و هەموویان پێشوازییان لێ کرد و رێزیان گرت. سەردار پاش چەند دەقیقەیەک رووی کردە عەلیاغا و وتی : کولونێل منی ناردوە و دەڵێت ئە مەوێ

برۆم بۆ لای مهاباد و بچمە لای ئوردووەکەی خاڵۆ قوربان و من لەگەڵ ئاغایان دا شەڕم نیە و نایکەم لە بەر ئەوە لێم بگەڕێن با لەگەڵ سوپاکەی خۆم دا بەرەو مهاباد وەڕێ کەوم. عە لیاغا لە وەرامدا پێی وت : جەنابی سەردار تۆ چ دەفەرموویت . خاڵۆ قوربانی چی و فەوجی سالار زەفەری چی. هەر ئیستا کەلاکی خاڵۆ لە کوڵانەکانی مهاباد دا وەبەر پێلە قەی مندالان کەوتوە و پاشماوەی هێزەکەی هە موو هە ڵاتوون.

سەردار عەلی خانی بۆکان بە بیستنی ئەو هە وا لە تەکانی خوارد و زۆر بە سە یرەوە وتی بە راستیتانە ؟ ئەمیر ئەسعەد وەڵامی دایەوە و پێی وت بە لێ بە سەری موبارەک درۆت عەرز ناکەم و هیچ خیلافی نیە . سەردار خیرا وتی دەی تازە کە وای لێهات منیش ناگەڕێمەوە بۆ لای کولونێل و پیاوێک دەنێرم و ئاگاداری دەکەم و ئەوە بوو بە نەفەرێک دا خەبەری بۆ کولونێل نارد و کابرا بە پە لە گەڕایەوە و وتی کولونێل دەڵێت کە واتە من و سوپاکەم لە بۆکان دەڕۆین و تکاتان لێ دەکەم تەقەمان لێ مەکەن ورێگەمان بدەن بە بێ شەڕ و کێشە خۆمان دەرباز کەین. لە پاش نیو سەعات ئوردووی هەشت سەد نەفەریی کولونێل لە کێو هاتنە خوارەوە و چەند سوارێکیش لە ئوردووی عە لیاغا دایان لە چۆم و لە نەکاودا تە قەیان لێکردن . عە لیاغا هاواری کرد ئێمە بڕیاری شەڕمان نەداوە لە بەر ئەوە تەقە مەکەن بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو.سوپای ئێرانیش دەستیان کرد بە تەقە کردن و سەرەنجام لە پاش دووسەعات شەڕ ئەوانیش تێک شکان وبە دانانی چەک و تەقەمەنی و ئازووقە بۆی هەڵاتن و نزیکەی سەد کە سێکیان لێ بە دیل گیرا وبە تفەنگی یازدەتیری ئینگلیسی و چەکی جۆراوجۆرەوە لە موقابیلی عەلیاغای ئەمیرئە سعەد دا ریز کران و ژومارەیەکی زۆریشیان لێ کوژرا. لە دوای ماوەیەک پاش پرسیار و راوێژ کردن بە دەستووری عەلیاغای ئێلخا نی زادە هە موو دیلەکان و چەک و غە نیمەتەکان بەرەو ئاوایی حە مامیان بران بەڵام مەحمووداغای حە مامیان بە هیوای وەچنگ هێنانی چەک و غەنیمەتی زیاتر و تە قە مە نی ، خۆی و سوارەکانی هەروا وەدوای سوپای تێک شکاوی کولونێل کەوتبوون . مەحمووداغا خۆی و سوارەکانی گەڕانەوە و هەر تاقمێک لە سوار و جە نگاوەرەکان بە غەنیمەت و چە کەوە لەگەڵ ئاغای خۆیاندا بەرەو جێگەی ئیستراحەت و حەوانەوە وەڕێ کەوتن.

من لەگەڵ دەستەی برایم بەگ و ئەحمەدبەگ و حەمەدبەگ بووم . لە مەزرای وێنجەی بەرامبەری میراوای بۆکان و لە وێ نیشتەجێ بووین و حسێنە رەشمان نارد بۆ ناو قە سە بچەی بۆکان تا کوو لە ماڵی حاجی ساڵحی نالبە ندی مەردان بەگی نان و چێشتمان بۆ بێنێت و بە راستی هەموو شتێکی بە تێرو تەسەلی بۆ نارد بووین و پاش نان خواردن چاوەڕوانی ئەوە بووین کە بزانین فەرمان و حوکم و دەستوور چیە.

(وەرگیراو لە کتێبی ئیسماعیل ئاغای شوکاک و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد)نووسینی محەمەد رەسووڵ هاوارە

ئامادە کردنی : تایر عەلیار